


# چاودێرێک بۆ ئینتەرنێتی ماڵەوە

ئێستا قۆناغێك لە ژیانی کۆمەڵگا دەستی پێکردووە کە ئینتەرنێت وەك ئاو و کارەبا بۆ ژیان پێویستە، لە ماڵێکدا هەرکام لە ئەندامانی ماڵەوە پێویستیان بە ئینتەرنێت هەیە، بەڵام جیاوازی هەیە لە نێوان منداڵان و گەورەکان، چونکە ناکرێت ئەو ماڵپەڕ و سایتانەی کە گەورەکان دەیکەنەوە منداڵانیش سوودی لێوەربگرن نە تەنیا سوود بەڵکو بە زیان دەشکێتەوە..

لەم چەند ساڵەدا هەندێك ئامێر بۆ چاودێری کردنی ئینتەرنێت هاتنە بەرهەم کە ئەرکیان ئەوەیە کێ لە چ کاتژمێرێکدا بچێتە سەر هێڵ و چەندە لەسەر هێڵ بمێنێتەوە.. ئامێری (fingbox)یش یەکێکە لەم ئامێرانە، ئەو ئامێرە بچووکە دەبێت لە مۆدێمی هێڵی ماڵەوە پەیوەند بدرێت و ئەپلکەیشنی تایبەتی خۆی بۆ دابندرێ، دەستبەجێ گشت ئەو ئامێرانەی بە هێڵەکەوە پەیوەندیان هەیە دەناسێنێ و دیاریان دەکا. ئەوکات دەتوانی چاودێری ئەو کەسانە بکرێ کە دێنە ناو هێڵەکەوە، بۆ نموونە گەر کەسێکی لاوەکی جگە لە ئەندامانی ماڵەوە هاتە ناو هێڵەکە ئامێرەکە جەرەسی هۆشداری لێدەدا، تەنانەت ئەگەر پاسوۆردەکەش بزانێت، یان لە ئیدارەیەك بەڕێوەبەر دەتوانێت دیاری بکات چەند کەس سوود لە هێڵ وەربگرن.. ئامێرەکە نە تەنیا ئەوە بەڵکو خێرایی ئینتەرنێتەکە دیای دەکات و داتاکان دەخاتەڕوو کە چ کەسێك هێڵی ئینتەرنێتی زۆر بەکار هێناوە، جگە لەوەش دەستنیشانی باشترین شوێن دەکات کە وای-فای زیاتر دەگرێتەوە..



# ڕۆبۆتێک وەک مرۆڤ هەڵسوکەوت دەکات

«هەناسەیەکی قووڵ هەڵکێشە، قاچەکانت تا ئەوەندەی دەتوانی بکەوە» ئەمە ڕێنمایی ڕۆبۆتی (Lynx)ە. ڕۆبۆتێکی ئینسان شێوە کە فێری وەرزشی (یۆگا) دەکا. دواتر هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵت دەچێتە پێش.

ڕۆبۆتەکە وەك ڕۆبۆتی دیکە ناچێت، وەك مرۆڤێك لەگەڵت دەجوڵێتەوە، ئەو هەستەت پێدەبەخشێ کەلەگەڵ کەسێك دانیشتووی و قسە دەکەی.

ڕۆبۆتی ناوبراو پەیوەندی لەگەڵ سیستەمی «ئەلکسا» هەیە بۆیە دەتوانی ئەوەی مەبەستتە لێی پرسی، وەك کەش و هەوا، یان پرسیاری زۆر تایبەتی دیکە. ڕۆبۆتەکە گشت ئەندامانی ماڵەوە دەناسێ و هەرکەس بانگی بکات وەڵامی دەداتەوە.. هەرکاتێك بانگی بکەی بەناو بانگت دەکاتەوە و تەنانەت بۆ دڵنیایی زیاتر ئەو گۆرانییەت بۆ لێدەدا کە حەزی لێدەکەی.

# تەلەڤزیۆن بکە بە تەختەی هۆشمەند






سەردەمێك لە قوتابخانەکان تەختە رەشە هەبوو، کە بە گەچێکی تایبەت لەسەری دەنووسرا، دوای ئەوە قۆناغێکی دیکە هاتە کایەوە و تەختە رەشە بوو بە تەختە سپی کە بە قەڵەمێکی تایبەت لەسەری دەنووسرێ، ئێستا ئەم سەردەمە قۆناغی تەختەی دیجیتالی و سمارتە..

لە نوێترین داهێنان لەم بوارەدا ئامێرێکی بچووك بەناوی (Gotouch) بەرهەم هاتووە کە قەڵەمێکی تایبەتی لەگەڵدایە و ئەرکی تەختەی سمارت لەسەر تەلەڤزیۆن ئەنجام دەدات، واتە تەلەڤزیۆن دەکرێتە تەختەی دیجیتالی، بۆ ئەم مەبەستە دەبێت لەسەرەتادا ئاپێکی لەسەر مۆبایل یا تەبلێت یا لاپتۆپ دابمەزرێنی، پاشان پەیوەندی ئامێرەکە و تەلەڤزیۆن لە رێگای کێبڵ یا وای-فای دامەزرێنی، هەرکە ئامێرەکەت هەڵکرد هەرچی لەسەرە شاشەی مۆبایل یا لاپتۆپە دەچێتە سەر تەلەڤزیۆن و بە جوڵەی قەڵەمەکە لەسەر تەلەڤزیۆن دەتوانی ئەوەی مەبەستتە ئەنجامی بدەی.



# کیبۆردێکی مایکرۆسۆفت تایبەت بە تایپکردن

کۆمپانیای مایکرۆسۆفت لەم دواییەدا نوێترین ماوس و کیبۆردی خۆی خستەڕوو، کە بە ماوس و کیبۆردی جۆری Sculpt comfort ناسراوە.

مایکرۆسۆفت رایدەگەیەنێ کە کیبۆرد و ماوسەکە زیاتر تایبەتە بە پرۆگرام نووس و تایپێست و رۆژنامەنووسەکان.

ستایلی کیبۆردەکە تایبەتە، هەرچەندە بە رواڵەت وەك گشت کیبۆردێکی دیکە دەچێت، بەڵام لە بواری ئۆرگۆنۆمییەوە زۆر گونجاوە (ئۆرگۆنۆمی بە شێوازی دروست بەکارهێنان و گونجان لە گەڵ ئەندامانی جەستە دەکرێت بۆ نموونە کیبۆردەکە دەبێ جۆرێك بێت کە لەکاتی زۆر کارکردن پەنجەکانت ئازاریان پێنەگات).

دوگمەکانی کیبۆردەکە بە جۆرێك داندراون کە تایپێست کاتی کارکردن بە هیچ جۆرێك دەستی ئارەقە نەکات و ماندوو نەبێت، روکەشێکی نەر کە دەکەوێتە بەری دەست وا دەکات هەست بە ئاسوودەی بکەی لەکاتی کارکردندا. گەر سەرنج بدرێتێ دوگمەی (سپێس) کە لەگشت کیبۆردێکدا وەك دوگمەیەکی گەورە لە خوارەوەیە، لەو کیبۆردەدا ئەو دوگمە گەورەیە پێکهاتووە لە دوو دوگمە یەکێك بۆ (سپێس) واتە مەودا دانانی نێوان وشەکانە و ئەوەی تریش کاری (باك سپێس) واتە گەڕاندنەوە و سڕینەوە دەکات.

ماوسەکەش شێوازەکەی وەك هەموو ماوسێکی دیکە دەچێت، بەڵام بە جۆرێك دروستکراوە کە بە بە دەستەوە گرتنی هەست بە ئاسوودەیی بکەی، جگە لە دوگمەکانی راست و چەپ دوگمەیەکیش لە خوارەوە هەیە کە دوگمەی ویندۆزە بە داگرتنی دوگمەی ستارتی ویندۆز چالاك دەبێت.

# تەبلێتێکی تایبەت داتاشۆی خۆی لەگەڵدایە

تەبلێتەکان تا رادەیەکی زۆر جێگرەوەیەکی باشی لاپتۆپ و کۆمپیوتەرن.

کۆمپانیای لینۆڤۆ لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٧ەوە تەبلێتی جۆری (Lenovo Thinkpad x١) ی بەرهەم هێناوە کە پرۆژکتەرێکی لەناو خۆیدایە و دەتوانێت داتا و فایلەکان لەسەر دیوار یا پەردە نیشان بدات.

کۆمپانیای لینۆڤۆ رادەگەیەنێ کە تەبلێتە نوێیەکە توانیویەتی لە ١٢ ئەزموونی سەختی نیزامی و ٢٠٠ تاقیکردنەوەی تردا سەربکەوێ، بەو مانایە کە ئەوەندە بەهێزە سوپا و هێزی نیزامیشی لە هەلومەرجە دژوارەکان بەکاری بێنێ.. بە بەرکەوتن و تەڕبوونیش تێکناچێ.

شاشەی تەبلێتەکە ١٢ ئینجە کوالیتی نیشاندانی QHDی لەسەرە، پرۆسیسەری جۆری Core i٧ هەیە و رامەکەشی ١٦ گیگابایتە... سیستەمی ویندۆز١٠ و هاردی داکردنی داتاکانی یەك ترابایتە... بە پەنجەمۆر دەکرێتەوە، کامێراکەی ٨ میگاپیکسلە، کیبۆردی خۆی هەیە دەکرێت جیاش بکرێتەوە. پرۆژکتەرەکەی دەتوانێت تا ٦٠ ئینج نیشان بدات.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، ئەنتی ڤایرۆس لەسەر کۆمپیوتەرم هەیە، بەڵام زۆری لێ دڵنیا نیم، چ بکەم بۆ ئەوەی کە تەنیا فایلەکان بگوازرێنەوە، ئەگەر فلاش میمۆرییەکان ڤایرۆسیان هەبێت نەگوازرێنەوە سەر کۆمپیوتەر؟**

خوێنەری بەڕێز، بۆ ئەوەی کە ڤایرۆس لە فلاش یان هاردی دیکە نەگوازرێنەوە بۆ سەر سیستەمەکەی تۆ دەبێ یان پرۆگرامی Phrozen Safe USB یان پرۆگرامی USB Disk Security دابەزێنە سەر کۆمپیوتەرەکەت. پرۆگرامی دووەم ئیزن نادات جگە لە خۆت کەس زانیاریەکانی سەر فلاشەکان بکاتەوە، ناشکرێنەوە. بەشێکی هەیە بەناوی Safe Open کە وەك ئەنتی ڤایرۆس وایە تەنیا فایلەکە رادەگوازێ، فایروس و ترۆجان ناگوازێتەوە.

# پرۆگرامێکی گرنگ بۆ هەموو کۆمپیوتەرێک

هـەر جارێك کە کۆمپیوتەرەکەت یان لاپتۆپەکەت فۆرمات دەکەیەوە، دەبێت سەرلەنوێ درایڤەکانی تایبەت بـە پارچەکانی کۆمپیوتەر، وەك مـاوس، کیبـۆرد، دەنـگ، رەنـگ، لایـن، پۆرتەکان...تاد. دابنێیەوە، جـا ئەگـەر سـیدی ناسـاندنی ئـەو پارچانـەت نەبێـت ئیدی کێشـەیەکی گەورەیە. خۆتان زۆرجار بۆتان هاتۆتە پێش کە ماوسەکەت یان کیبۆردەکەت یان هێڵی ئینتەرنێتەکەت کار نـاکا، شـارەزای کۆمپیوتەر پێت دەڵێـت ئـەوە تەعریـف نەکـراوە. مەبەسـت ئەوەیە کە ئەو پارچەیە بـە مەزەلبـۆردی کۆمپیوتەرەکـە نەناسـراوە، یانـی وەك ئـەوەی ئـەو پارچەیە هەر بوونی نەبێت...

پرۆگرامـی DriverPack Solution بـۆ ئـەم مەبەسـتە زۆر گرنگـە، چونکـە ئۆتۆماتیکـی درایڤـەری گشـت پارچەکان دەناسـێ، هـی هەموو جـۆرە لاپتـۆپ، سیسـتەم، مەزەلبـۆرد، پارچەکانی دیکـە. لەگـەڵ هـەردوو پلاتفۆرمـی ٣٢ و ٦٤ دەگونجێت.




# شەترەنجی واقیعی دیجیتالی

شـەترەنج یارییـە و لـە ریـزی وەرزیشـیش دێتـە ئەژمـار، مێژووی شـەترەنج بـۆ زیاتر لە هەزار سـاڵ دەگەڕێتەوە، بە دوای ئەوەی جیهانی دیجیتالی و تەکنەلۆژیای نوێ پەرەی سـەند و گشـت بوارێکی گرتەوە، ئەم یارییەش لە دونیای کۆمپیوتەر و یاری ئەلکترۆنیدا خـۆی دیتـەوە، بـەڵام یاریکـردن لەسـەر کۆمپیوتـەر رەنگـە ئەو چێـژەی نەبێت وەك یاری راسـتەقینە، بۆیـە بەرهەمهێنەرانـی تەکنەلۆژیای نوێ ئامێری یاری شـەترەنج کردنیان بە شـێوەی دیجیتالـی داهێنا، واتە هەروەك شـەترەنجی راسـتی، بـەڵام بەرامبەرەکەت دەکرێت هەزاران کیلۆمەتر لە تۆ دوور بێت و مۆرەکانی شەترەنج لە رێگای دوورەوە بجولێنێ.

شەترەنجی دیجیتالی (square-off) هەروەك شەترەنجی راستی دەچێت، بەڵام بە ئینتەرنێت دەبەسترێتەوە و جوڵەکانی بەرامبەر کە رەنگە لەوسەری دنیا بێت بە شێوەیەکی دەستبەجێ بجوڵێنێ، ئامێرەکە نەك یاری شەترەنج بەڵکو یارییەکانی وەك زاروماریشی پێدەکرێت...



# سایتێک بۆ دروستکردنی وێنەی جوڵەدار

وێنـەی جوڵـەدار کـە وێنـەی GIFیـان پێدەگوتـرێ، پێکدێـن لـە چەندیـن وێنـە لـەلای یـەك و بەهۆی خێرایی رۆیشـتنی وێنەکان بینەر وا هەسـت پێـدەکات کـە وێنەکـە جوڵـە دەکات. سـایتگەلێکی زۆر هـەن کـە وێنەی جوڵەدار دروسـت دەکەن.. سـایتی https://imgflip.com/images-to-gif یەکێکە لـەم سـایتانە.. ئـەم سـایتە سـەرەڕای ئـەوەی وێنـەی جوڵـەدار دروسـت دەکات، فایلی ڤیدیۆییش دەکات بە وێنەی جوڵەدار.. لە بەشی video to GIF دەتوانیت ئەدرەسی فیلمەکە، جا لە یوتیوب، یا فەیسبوك، یان هەر سایتێکی دیکە بێ ئاپلۆد بکەی و پاشان دەستکاری بکەی..

لە بەشی Images to GIF دەتوانی وێنە دابەزینی لەلای چەپ نموونەی فایلە جوڵەدارەکە نیشان دەدرێ، لەبەشی لای راستیش دەتوانی، دەقی بۆ زیاد بکەی، یان دەستکاری کوالیتی بکەی...